National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## دەیەم راپۆرت: گرفتەکانی تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان لە کتێبێکدا

**تەموزی ٢٠١٨**

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

١/٨/٢٠١٨

# پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢.کارنامەی یەکەکە
٣.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

### یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتیيانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناو×ةی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لەساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دوەم: راپۆرت


١. دەستپێک

٢. گرفتەکانی کردنی چوار بابەت بە کتێبێک و مامۆستایان تا چەند سەرکەوتوبونە لە وتنەوەی بابەتی زانستەکان

٣. لە زاری قوتابیانەوە... مامۆستایان تا چەند سەرکەوتوبونە لە وتنەوەی بابەتی زانستەکان؟

٤. تا چەند مامۆستایان راهێنراون بۆ وتنەوەی بابەتی زانستەکان.

٥. لێکەوتەکانی وتنەوەی بابەتێک لە لایەن مامۆستایەکەوە کە پسپۆری خۆی نیە

٦. تا چەند پێداویستیەکانی وتنەوەی وانەی زانستەکان ئامادەکراوە

٧. کتێبی زانستەکان چ گرفتێکی بۆ ناوەندەکان دروستکردوە

٨. قەبارەی کێشەکە

٩. بەرپرسانی پەروەردە لەبارەی گرفتەکانی کتێبی زانستەکانەوە چی دەڵێن


## ١. دەستپێک:

یەکێکی تر لە گرفتەکانی بواری پەروەردە لە ناوەندەکانی خوێندن تێکەڵکردنی هەر یەک لە بابەتەکانی (کیمیا، فیزیا و زیندەوەرزانی) لەگەڵ (جیلۆجی) لە بەرگی کتێبێکدا بە ناوی زانستەکان، ئەمەش کۆمەڵێک گرفت و کاریگەری دروست کردوە چ لە سەر خودی مامۆستایان و چ قوتابیان لە قوناغی بنەڕەتی.

سەرباری گۆڕینی ئەم مەنهەجە هیچ پلانێکی بۆ دانەنراوە کە چۆن بخوێندرێت و چی پێویستە لە روی تاقیگەی زانستی و کات و مامۆستای پسپۆر تایبەت بە بابەتەکان، ئەمەش کۆمەڵێک گرفتی بۆ قوتابیان دروست کردوە، چونکە وتنەوەی ئەم بابەتە لەلایەن یەک مامۆستاوە ناتوانرێت وەکو پێویست هەق بە بابەتەکە بدرێت، سەرباری دانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بە تێکەڵی.

بە پێی ئاماری پەروەدەی کەلار و کفری بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ ژمارەی مامۆستایانی بابەتی زانستەکان لە ناوەندەکانی خوێندن بەم شێوەیە:

| ژمارە | پەروەردەکان | کیمیا | فیزیا | زیندەوەرزانی | کشتوکاڵ | بیرکاری | پەیمانگای نەوت + تەکنیکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەلار | ١٠١ | ٢٧ | ١٠٤ | ٢٨ | ـــــــ | ـــــــ |
| ٢ | کفری | ٩ | ٥ | ١٦ | ٥ | ١ | ٢ |

* لە کۆی هەریەک لە ژمارەی مامۆستایانی پەروەردەی کەلار (٦) مامۆستای وانەبێژە لە ناوەندەکانی خوێندن.

* لە کۆی هەریەک لە ژمارەی مامۆستایانی پەروەردەی کفری (٣) مامۆستای وانەبێژە لە ناوەندەکانی خوێندن.

# ٢. گرفتەکانی کردنی چوار بابەت بە کتێبێک و مامۆستایان تا چەند سەرکەوتوبونە لە وتنەوەی بابەتی زانستەکان

تێکەڵ کردنی بابەتە زانستیەکان لە بەرگی کتێبێکدا نەک کاریگەری لە سەر قوتابی دەبێت بەڵکو مامۆستایانیش بەدەر نین لەو کاریگەریە و هەر یەک لە مامۆستایان باس لەو کاریگەری و گرفتانە دەکەن کە بەهۆی ئەم بابەتانەوە روبەروی بونەتەوە.

کیفاح ئەحمەد عەبدوڵڵا، پسپۆری زیندەوەرزانی و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (زانست)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "تێکەڵکردنی ئەم بابەتە زانستیانە لە کتێبێکدا کە لە ساڵانی پێشوتر لەلایەن وەزارەتەوە پەسەندکراوە مەنهەجێکی تۆکمەیە، بەڵام کۆمەڵێک گرفتیشی هەیە یەکێک لەوانە سێ بابەتی زانستی و بنەڕەتی تێکەڵ کران لەگەڵیشی جیلۆجی، ئەم بابەتانە هەستیارن نە دەبو وەزارەت بکەوێتە ئەو هەڵەیەوە و بیدات بە یەک مامۆستا، ئەمەش کاریگەری بۆ سەر خودی مامۆستا هەیە، لە نێوان ئەم مەنهەجە و مەنهەجی کۆن سەرلێشێوانێکی بۆ مامۆستا دروست کرد، بۆیە هیچ مامۆستایەک ناتوانێت هەقی ئەو بابەتانە بدان بەدەر لە پسپۆری خۆی".

وتیشی: زانست وا پێش دەکەوێت و بابەت کورت دەکرێتەوە ئێمە وا تازە سێ بابەت و زیاتریش لە کتێبێک کۆ دەکەینەوە، یەکێکی تر لە گرفتەکان هەڵەی زمانەوانیە کە لە کتێبەکەدا هەیە و بابەتی دوبارەی تێدایە، لەگەڵ ئەوەش پەروەردە کە مەنهەجەکەی هێنا دەبوایە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا رێکەوتنی بکردایە کە چ مامۆستایەک بەرهەم بهێنێت دواتر ئەم پرۆگرامەی جێبەجێبکردایە.

باسی لەوەشکرد: ئێمە گرفتی ئەوەشمان هەیە لە کۆتای هەربەندێک پرسیار و وەڵامی تیایە لە کاتێکدا وەزارەت دەڵێت پرسیارەکان بە شێوەی هەڵبژاردن بێت ئەمە لە کتێبەکە وانیە، پێناسەی تیایە لێکدانەوەی وشەی تیایە، بۆیە دەبوایە وەزارەت لە هەر کۆنفرانسێک نەک سەرپەرشتیار، بەڵکو دەبوایە مامۆستا و بەڕێوبەر بەشداری پێبکرایە، چونکە دواجار هەر گۆرانکارییەک دێتەوە لای مامۆستا و قوتابی.

بەڵام مامۆستایەک پێیوایە ئەم تێکەڵکردنە هەڵە نیە، بەڵکو بونی یەک مامۆستا بۆ هەمو بابەتەکان هەڵەیە.

نەجم عەبدوڵڵا سەمین، پسپۆری کیمیا و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (نەوەی نوێ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، باس لەوە دەکات تێکەڵکردنی ئەم بابەتانە خراپ نیە، چونکە قوتابی لەیەک کاتدا سێ بابەتی زانستی وەردەگرێت بە جیلۆجیشەوە "ئەوەی کە خراپە ئەوەیە کە یەک مامۆستا وانەکە ئەڵێتەوە و ناتوانێت وەک پێویست هەقی بابەتەکان بدات، من وەک خۆم ناتوانم هەق بە بابەتەکانی دیکە بدەم، یەکێکی تر لە گرفتەکان تێکەڵ کردنی پرسیارەکانە ئەمەش بۆ قوتابی قورسە".

وتیشی: ئەگە داوا بکرێت کە ئەم کتێبە هەڵبوەشێنرێتەوە ناکرێت، چونکە کتێبێک نیە بەڵکو سیستەمێکە، کاتی خۆی کە بەشدرای کۆبونەوە و کۆنفراسمان کرد وتیان ئەم سیستمە کۆنە سەقەتە، باشە ئێمەی "سەقەت" چۆن دەتوانین سیستمێکی نوێ جێبەجێ بکەین.

هەندێک مامۆستایان ئامازە بەوە دەکەن هەر بابەتێک بەدەر لە پسپۆڕی خۆیان بێت، بارگرانیە بەسەریانەوە و وەک پێویستیش ناتوانن هەق بە بابەتەکە بدەن.

بڕیار شوکر مەحمود، پسپۆری کیمیا و مامۆستای بابەتە زانستەکان لە قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، دەڵێت: "تێکەڵکردنی ئەم بابەتە زانستیانە کاریگەری خۆی هەیە لە سەر خودی مامۆستا و قوتابیش، ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە هەر مامۆستایەک بەدەر لە پسپۆڕییەکەی خۆی هەر بابەتێکی دی بێتە بەردەمی دەبێت بە بارگرانی بۆی و ناتوانێت هەق بدات بە بابەتەکان و ناشتوانێت کۆنترۆڵی بکات، لەگەڵ ئەوەش زۆرێک لە مامۆستایان پلانی خۆیان دەبێت و زانیاری کۆدەکەنەوە تا رادەیەک بەردەوامن لەگەڵی".

وتیشی: بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵکردنی ئەم سێ بابەتە زانستیە وەک رێکخستنێک و لە کۆڵ کردنەوەیەک بو، تەنانەت لە وەزارەتەوە چەند ساڵێک پێش ئێستا وتیان هەر بابەتە و پسپۆری خۆی

بیڵێتەوە، ئەوەش سەری نەگرت، چونکە جیلۆجی مامۆستای نیە، لە هەمان کاتیشدا پرسیار بە تێکەڵی دادەنرێت.

مامۆستایان بەهۆی ئەوەی کە پسپۆری یەک بابەتن و چەند بابەتێکی جیاواز دەڵێنەوە، ناتوانن هەندێک بابەت خۆیانی لێبدەن بۆ ئەوەی توشی هەڵە نەبن.

شەماڵ محەمەد سەعید، پسپۆری زیندەوەرزانی و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (شال)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی هەر بابەتێک پسپۆڕی خۆت نەبێت قورسە "لە زانکۆ کۆمەڵێک بابەتی دیاریکراو دەخوێنیت پەیوەندی بە پسپۆرییەکەی خۆت هەیە، بەڵام ئێستا چەن کتێبیک تێکەڵ کراوە کە بۆمان قورسە، بەتایبەت جیلۆجییەکەی نە لە زانکۆ خوێندومانە نە لە قوتابخانەش، ئەمەش یەکێکە لە بابەتە قورسەکان کە مامۆستا ناتوانێت سودێکی باش بە قوتابی بگەیەنێت".

وتیشی: مامۆستایان ناتوانن هەندێک بابەت خۆیانی لێبدەن و زۆر لە سەری بڕۆن، رەنگە هەڵە بکەن و بۆ قوتابیش باش نابێت.

سەرەڕای ئەوەی کە بابەتەکان تێکەڵکراون و لە بەرگی کتێبێکدا کۆ کراوەتەوە، کتێبەکە هەڵەی وەرگێڕانیشی تێدایە کە ئەمەش گرفتی بۆ مامۆستایان دروستکردوە.

یونس ئیبراهیم، پسپۆری کیمیا و مامۆستای بابەتە زانستەکان لە قوتابخانەی (سەگرمە)ی بنەڕەتی لە گوندی عیسایی سەر بە کەلار، جەختلەوەدەکاتەوە کتێبی زانستەکان مامۆستا زۆر هیلاک دەکات و کات کوشتنە "بە کۆی گشتی ئەم کتێبە خراپە، بەدەر لەوەی کە ئەم بابەتانە تێکەڵ کراوە هەڵەی وەرگێڕانیشی زۆر تیایە، تەنانەت هەندێکی هەر مانای تەواو نادات بە دەستەوە کە وەریان گێڕاوە، بۆیە مەنهەجەکەی پێشتر زۆر باشتر بو لەمە.

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی مامۆستایان دەیخەنەرو ئەوەیە ئەو مەنهەجەی کە دانراوە لە ئاستی مێشکی قوتابیدا نیە، دەڵێن ئەو بابەتانە ئاڵۆز و جیاوان لە یەکتر.

دیارمحەمەد سەعید، پسپۆری کیمیا و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (قازی محەمەد)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، دەڵێت: وتنەوەی ئەم بابەتە تا رادەیەک کاریگەری هەبوە، چونکە ئاڵۆزن و جیاوازن لە یەکتر لە روی پراکتیکیەوە "بەڕای من باش نیە کۆکردنەوەیان لە یەک کتێبدا و تێگەیاندنی قوتابیانیش قورس دەبێت، چونکە بابەتەکان خۆیان ئاڵۆزن و مەنهەجەکەش قورسە و لە ئاستی مێشکی قوتابیدا نیە، بەڵام هەوڵ دەدەین بابەتەکەیان لە پێش چاو ئاسان و خۆش بکەین".

وتیشی: نەک بۆ قوتابی بەڵکو بۆ ئێمەش قورسە تێکەڵ کردنی ئەم بابەتانە، چونکە ئاسان نیە سێ بابەتی زانستی پسپۆری خۆت نەبێت و بیڵێیتەوە، پێویستە ئەم مەنهەجەی کە ئێستا هەیە هەڵبوەشێتەوە بۆ مەنهەجەکەی جاران کە هەر بابەتە و پسپۆری خۆی هەبو.

بەپێچەوانەی ئەوەی کەتێکەڵ کردنی بابەتە زانستیەکان لە بەرگی کتێبێکدا گرفتی بۆ مامۆستایان دروست کردوە، هەندێک لە مامۆستایان پێیان وانیە بەو شێوەیە گرفتی دروست کردبێت.

محەمەد کەمال مەجید، مامۆستا لە بابەتە زانستەکان لە قوتابخانەی بنەڕەتی (سەرقەڵا) لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "تێکەڵ کردنی ئەم بابەتە زانستیانە وەک (کیمیا و فیزیا و ئەحیا) هیچ کاریگەرییەکی خراپی نەکردوەتە سەرم، چونکە زۆر حەزم بە بابەتە زانستیەکانە، راستە کەمێک تێکەڵە، بەڵام لایەنی پۆزەتیڤی زیاترە، لەگەڵ ئەوەش زۆر هەوڵ دەدەم و شتی زیاتر ئەخوێنمەوە و بەدواداچون دەکەم و بەبەتەکان لەماڵەوە شی دەکەمەوە، هەوڵی خۆمی لەگەڵ دەدەم پێش ئەوەی بۆ قوتابی شی بکەمەوە بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە پسپۆری خۆم نیە".

وتیشی: لە تێگەیاندنی قوتابی کێشەیەکی ئەوتۆم نیە، چونکە پلانی خۆمم هەیە بۆ ئەوە، سەرەتا وانەکە بە وردی شی دەکەمەوە دواتر پرسیاریان لێدەکەمەوە وەک هاوڕێ، بۆ رۆژی دواتریش کە دێنەوە دەوام دیسان پرسیارییان لێدەکەمەوە دواتر وانەی تازە وەردەگرین، تەنها شت کە گرفتی بۆ ئێمە دروست کردوە ئەو بایکۆتە بو کە هەبو.

بەهەمان شێوە، مامۆستایەکی دیکە پێیوایە تێکەڵکردنی ئەو بابەتانە کاریگەری ئەوتۆی نەبوە.

زەینەب عومەرعەلی، پسپۆری فیزیا و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی بنەڕەتی (عەزیز قادر) لە قەزای کفری، دەڵێت: "تێکەڵکردنی بابەتە زانستەکان لە کتێبێکدا و لە تەنیشتی جیلۆجی کاریگەری هەبوە، بەڵام زۆر نا، چونکە خۆم بەدواداچون دەکەم و دەگەڕێم زانیاری لەسەر ئەو بابەتانە وەردەگرم کە پسپۆری خۆم نیە، قورسە پسپۆری خۆت نەبێت و سێ بابەتی جیاواز بڵێیتەوە".

مامۆستایان ئاماژە بە گرفتێکی دیکەیان دەکەن کە نەبونی حەزە بۆ ئەو بابەتانەی ئێستا بە ناچاری دەیڵێنەوە کە ئەمەش وا دەکات نەتوانن سود بگەیەنن بە قوتابی.

موعتەسەم محێدین نوری، پسپۆری کیمیا و مامۆستای بابەتی زانستەکان لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "لە ساڵانی پێشوتر بابەتە زانستەکان جیاواز بون باشتربو، چونکە دەتوانرا وەک خۆی بابەتەکان بگات بە قوتابی و هەقی پێبدەیت لەبەر ئەوەی پسپۆری خۆتە، بەڵام وا چەند ساڵێکە ئەو بابەتانە تێکەڵ کراوە لە کتێبێکدا و یەک مامۆستا وانەکە دەڵێتەوە بەرپرسانی پەروەردەش ئەوەیان بە گرنگ نەزانیوە کە چ کاریگەرییەکی دەبێت".

وتیشی: ئەم تێکەڵ کردنە بەجۆرێک کاریگەری کردوەتە سەر مامۆستا بۆ گەیاندنی بابەتەکان، خۆم بەردەوام کێشەم هەبوە لەگەڵ زیندەوەرزانی بە درێژای قۆناغەکانی خوێندنم رەنگە ئەم دانپێدانانە بۆ زۆر مامۆستا قورس بێت، بەڵام من ناتوانم نکۆڵی لە شتێکی وا بکەم کە نەتوانم وەک پێویست هەق بدەم لە قوتابیەکانم، ئەگەرچی بە هەمو توانا و هەوڵێکی خۆمم داوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: بابەتی جیلۆجیش بۆ ئێمە قورسە و زانیارییەکی ئەوتۆمان نیە لەسەری، زیاتر زانیارییەکانی دەرەوە وەرئەگرین، لەگەڵ ئەوەش ئەم بابەتانە وەک پرۆگرام و مەنهەج خراپ نیە، ئەوەی خراپە ژینگەی ئەم وڵاتەیە کە لەگەڵی ناگونجێت، بڕواش ناکەم هیچ مامۆستایەک بتوانێت زانستی پۆلی حەوت و هەشت تەواو بکات ئەگەر هونەری وانە وتنەوەی بەجۆرێک بێت کە هەق بە قوتابی و بابەتەکەش بدات.

## ٣. لە زاری قوتابیانەوە... مامۆستایان تا چەند سەرکەوتوبونە لە وتنەوەی بابەتی زانستەکان؟

سەبارەت بە تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان لە قۆناغی بنەڕەتی، کۆمەڵێک گرفتی بۆ قوتابیان دروست کردوە و گلەیی ئەوە دەکەن ئەم مەنهەجە وایکردوە زۆرترین کاریگەری بکاتە سەر نمرەکانیان و کەمترین نمرە بەدەست بهێنن، سەرباری چەندین گرفتی تر.

پەروین ڕەفعەت سدیق، قوتابی دەرچوی پۆلی نۆی بنەرەتی لە قوتابخانەی (فریشتەی کچان) لە کەلار، دەڵێت: "ئەو چوار بابەتە بۆ ئێمە قورسترە کە لە کتێبێک کۆ کراوەتەوە بەناوی زانستەکان، چونکە بابەتەکان قورس ئەبێت بۆ ئێمە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی ئەوەی بابەتەکان نزیکن لەیەکەوە، مامۆستای وانەکە تا ڕادەیەک دەتوانێت دەرسەکە بە باشی بڵێتەوە، بەڵام ئەو گرانیەی لە سەرقوتابیان دروست بوە، لەسەر ئەویش دروست دەبێت".

وتیشی: ئەگەر خوێندکار بخوێنێت ڕەنگە هەمو پرسیارێک ئاسان بێت، بەڵام کاتێک چەند بابەتێک یان چەند مادەیەک پرسیارەکانی لە یەک پەڕەی تاقیکردنەوەدا بێت بێگومان تێکەڵ بونێک دروست دەبێت، بۆیە لە تاقی کردنەوەی نیشتیمانیدا بابەتەکان جیا نەکرابوە، پرسیارەکان بە تێکەڵاوی هاتبوە و ڕونکردنەوەیش نادرێت کە ئایا پرسیارەکان هی کام بابەتە، هەر ئەوەیش هۆکار بو کە خۆم نمرەی کەمتر بێنم لەم بابەتە.

باسیلەوەشکرد: بەڕای من وەزارەتی پەروەردە ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لە بەرژەوەندی ڕایی کردنی کارەکانی وەزارەت دەکات، نەک قوتابیان. چونکە بەهۆی بایکۆت و قەیرانەوە ئەیەوێت قەرەبوی دواکەوتنەکانی بکاتەوە وەک چۆن لە بایکۆتەکەدا تەنها قوتابیان زەرەرمەندی یەکەم بون، لەم بابەتەیشدا دیسان قوتابیان زەرەرمەندی یەکەم ئەبن. بۆیە هیچ داواکاریەکم لە وەزارەت نیە کە بەرژەوەندی ئێمە لەبەرچاو بگرێت، چونکە هەمیشە بەرژەوەندی وەزارەتەکە لە بەرچاو ئەگرن و تەنها ئەیانەوێ پینەی کەمو کورپیەکانی وەزارەت بکەن.

بەهەمانشێوە، پەیوەند محەمەد حەسەن، قوتابی دەرچوی پۆلە نۆی بنەرەتی لە قوتابخانە (وەفایی) بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت ئەو چوار بابەتە (زیندەوەرزانی، فیزیا، کیمیا و جیۆلۆجی) پێویستە کاتێکی پێویست و مامۆستای تایبەت بە خۆی هەبێت "هەریەکەیان و گرنگی خۆی هەیە، هەروەها پێویستمان بە مامۆستای تایبەتە بەو وانانە".

وتیشی: لە کاتی تاقیکردنەوەکان ناتوانی بە رۆژێک یان دو رۆژ چەند وانەیەکی جیاواز بخوێنیت، بە تایبەت قوتابیانی پۆلی نۆ ساڵێکی زۆر قورس بو بۆمان.

هەندێک لە قوتابیان دەڵێن مامۆستایانی بابەتی زانستەکان تواناییەکی زانستی ئەو تۆیان نیە تا بتوانن چەند بابەتی زانستی لە یەک کاتدا بە قوتابیا بڵێنەوە، چونکە لەگەڵ ئاستی زانستیان ناگونجێت.

ئەیاد ساڵح کەریم، دەرچوی قۆناغی نۆی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (سەرکەوتن)ی بنەڕەتی لە کەلار، سەبارەت بە کاریگەری تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان لەسەر قوتابیان، دەڵێت: "تێکەڵکردنی ئەم بابەتانە کاریگەری لەسەر قوتابیان هەیە کێشەکە مامۆستایان نیە لێرەدا، بەڵکو ئەوەیە کە ئەم مەنهەجەی دانراوە بۆ ئێرە ناگونجێت وە لەگەڵ توانای زانستی مامۆستایانیشمان ناگونجێت، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردوە هیچ مامۆستایەکمان زانیاری نوێ و زانستیان پێنەبوە بۆ بابەتەکان، بەتایبەت ئەمساڵ کە پۆلی نۆ بوین مامۆستاکەمان هەر شتی بۆ دیاریکردوین بێ ئەوەی رونکردنەوە بدات لەسەر بابەتەکە".

وتیشی: لەگەڵ ئەوەش ئێمە بابەتەکە بە شێوەیەکی تیۆری ئەخوێنین، نە تاقیگەمان هەیە نە گەشتی زانستی، بۆیە بابەتی زانستەکان لە ناوەندەکانی خوێندن هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ مێژو و جوگرافیا بۆ قوتابیان.

هەندێک لە قوتابیان پێیان باشترە ئەم مەنهەجەی کە ئێستا دەیخوێنن لە بابەتە زانستیەکان هەڵبوەشینرێتەوە بۆ مەنهەجەکەی ساڵانی رابردو کە هەر بابەتە و مامۆستای پسپۆری خۆی هەبو.

یادگار حسێن محەمەد، قوتابی پۆلی هەشتی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفای)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "من لە بابەتی زانستەکان ماومەتەوە دەوری دوەم، ئێستاش هیچ شتێکم بیر نەماوەتەوە کە چیم خوێندوە، چونکە بابەتەکە تێکەڵە، لەگەڵ ئەوەش یەک مامۆستا وانەکە ئەلێتەوە، بۆیە باشترە ئەم مەنهەجە هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ ئەوەی جاران کە هەر بابەتە و مامۆستای خۆی هەبو".

وتیشی: ئێمە تاقیگەشمان نیە لە ناوەندەکەمان تا بە پراکتیکی بیخوێنین مامۆستاکەشمان زۆر بە خێرای وانە دەڵێتەوە، هەر دەرسە و سێ پەڕەمان دەداتێ بۆ خوێندن، هەروەها پرسیارەکانیشمان بە تێکەڵی بۆ دێتەوە ئەمەش خراپە بۆ ئێمە، چونکە هەموی تێکەڵ دەکەین.

## ٤. کتێبی زانستەکان چ گرفتێکی بۆ ناوەندەکان دروستکردوە؟

تێکەڵ کردنی بابەتە زانستیەکان لە قۆناغەکانی (حەوت، هەشت و نۆ)ی بنەڕەتی لە دوتوێی کتێبیکدا بە ناوی زانستەکان، کۆمەڵێک گرفت و کاریگەری بۆ سەر قوتابیان و ناوەندەکان دروست کردوە.

سەبارەت بە کاریگەری کردنی سێ بابەتە زانستیەکان بە کتێبێک لەسەر قوتابیان، کەریم عەزیز بەڕێوبەری قوتابخانەی (باوەشاسوار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری باسلەوەدەکات ئەو سێ بابەتەی کە لە کتێبێک کۆکراوەتەوە کاریگەری زۆری دەبێت لە سەر قوتابی "لە سێ بابەت دەموچاوی یەک مامۆستا دەبینێت، بەدەر لەوەی کە مامۆستاکەی کەمتر شارەزای هەیە لە دوبابەتی دیکەی سەرباری ئەوەی کە خۆی زۆر ماندو دەکات، کاریگەریەکەش زیاتر لەسەر تاقیکردنەوەکان دەردەکەوێت کە بە تێکەڵی پرسیاریان بۆ دادەنرێت".

هەندێک لە بەڕێوبەری قوتابخانەکان پێیانوایە هۆکاری کەمی ڕێژەی دەرچونی قوتابیان پەیوەندیدارە بەوەی کە ئەو بابەتانە لە کتێبێک کۆکراوەتەوە.

کاوە یاوەر، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئیمام محەمەد)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، سەبارەت بە کەمی نمرەی خوێندکاران و هۆکارەکەی، دەڵێت: "ئەو بابەتانەی کە کراون بە کتێبێک و یەک ئەسیلەی تێکەڵیان بۆ دێتەوە هەر ئەوەیە وایکردوە کە کاریگەری بکاتە سەر ڕێژەی دەرچون لە بابەتە زانستەکان و کەم بێتەوە، بۆیە باشترە ئەو مەنهەجە هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ ئەوەی جاران".

سەبارەت بە کاریگەرییەکان لەسەر رێژەی دەرچوان، خودادادا کەریم، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئالآ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، ئاماژە بەوەدەکات بەهۆی تێکەڵ کردنی (کیمیا ، فیزیا و زیندەوەرزانی لە تەنیشتیشی جیلۆجی) لە کتێبێک بەناوی زانستەکان وایکردوە کە رێژەی دەرچوان لەو بابەتە خراپ بێت، وەک لای ئێمە لە کۆی (١٥٧) قوتابی نزیکەی (١٠٠) گەڕاوەتەوە خولی دوەم، ئەمەش خراپترین ئاستە کەلامان تۆمارکراوە".

لە هەندێک ناوەند تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان بە کتێبێک هێندە کاریگەری هەبوە قوتابیان لێی بێدەنگ نەبون.

دانا عوسمان، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیاری) لە ناحییەی پێباز، سەبارەت بە گلەیی قوتابیان لەسەر کاریگەری بابەتە زانستەکان دەڵێت: "تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان و وتنەوەی لەلایەن یەک مامۆستاوە هێندە کاریگەری هەبوە قوتابیان لێی بێدەنگ نەبون و گلەیی دەکەن، چونکە بوەتە هۆکاری ئەوەی کە بە رێژەیەکی کەم قوتابیان دەتوانن نمرەی بەرز بهێنن، یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە تاقیکردنەوەکان پرسیارەکان بە تێکەڵی دادەنرێت ئەمەش قورسە بۆ قوتابی".

بەڵام بە پێچەوانەوە بۆچونی ئەم بەرێوبەرانەوە هەندێک لە بەڕێوبەرانی قوتابخانەکان ئەم تێکەڵکردنەی بابەتەکان بۆ کتێبێک بە سودی قوتابی دەزانن.

یاوەر ئەحمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (چرچەقڵا)ی بنەڕەتی لە ناحییەی شێخ تەویل، سەبارەت بە سودی تێکەڵ کردنی بابەتە زانستیەکان، دەڵێت: سەرباری ئەوەی کە تێکەڵ کردنی ئەم بابەتە زانستیانە گرفتی بۆ قوتابی دروستکردوە، سودێکیشی هەیە ئەویش ئەوەیە "لە بری سێ کتێب یەک کتێب هەڵدەگرن"، ئەوەیە تەنها سود.

نەک بەڕێوبەرەکان مامۆستایانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە تێکەڵ کردنی بابەتە زانستیەکان کاریگەری بۆ سەر قوتابیان هەیە، بەتایبەت نەبونی تاقیگە.

موعتەسەم محێدین، پسپۆری کیمیا لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "تێکەڵکردنی ئەم بابەتەنە نەک کاریگەری لەسەر ئێمە هەیە، بەڵکو قوتابیانیش بێبەری نین لەوە، کاریگەرییەکان زۆرن بۆ سەریان، دیارترینیان نەبونی تاقیگەیە لە ناوەندەکان، نەک قوتابی بەڵکو خۆشم چەند ساڵێکە وانە ئەڵێمەوە تاقیگەم نەبینیوە تا ئێستا"

مامۆستایەکی دیکە ئەوەدەخاتەڕو کە تێکەڵکردنی ئەم سێ بابەتە کاریگەری لەسەر قوتابیان دروستکردوە لە روی ئاستی نمرەکانیانەو بە جۆرێک ئەوانەی کە دەرچون زۆربەیان بە (٥٠)وە دەرچون، .

یونس ئیبراهیم، پسپۆڕی کیمیا لە قوتابخانی (سەگرمە)ی بنەڕەتی لە گوندی عیسایی، دەڵێت: "تێکەڵکردنی ئەم بابەتانە سەر لێشێوانێک لە قوتابی دروست ئەکات بە تایبەت لە کاتی تاقیکردنەوەکان کە کام قوتابی زیرەکترینە نمرەکەی (٧٠)یە، ئەوانەی کە دەرچون زۆربەیان بە (٥٠)وە دەرچون، هەروەها کاتێک دەچنە ئامادەیی سودی نابێت بۆیان، چونکە جیا دەکرێنەوە لە یەک، ئەمەش ئەرکی سەرشانیان قورس دەکات".

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە تێکەڵ کردنی ئەم بابەتە نەک لە روی تاقیکردنەوە کاریگەری لەسەر قوتابی دروست دەکات، بەڵکو کاریگەری دەرونیش دروستدەکات.

کیفاح ئەحمەد، پسپۆری زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی (زانست)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، وتیشی: "تێکەڵکردنی ئەم بابەتانە نەک لە روی تاقیکردنەوە کاریگەری هەیە لەسەر قوتابی، بەڵکو لە روی دەرونیشەوە کاریگەری هەیە، چونکە ناتوانێت بابەتەکان لەیەک جیا بکاتەوە، من خۆم بۆیان رون دەکەمەوە کام بەندە کام بابەتەیە، تەنانەت ئەمەش کاریگەری بۆ سەر مامۆستاش هەیە، لەبەر ئەوەی قوتابی زیرەک هەیە پرسیاری ورد دەکات مامۆستا ناتوانێت وەڵامی پێویست بداتەوە، ناشتوانێت بڵێت

نازانم، بەو هۆیەشەوە رەنگە بەریەککەوتن رو بدات لە نێوان مامۆستا و قوتابی، بۆیە پێویستە گرنگی بە کات و تاقیگە و ناوەندەکانیش بدرێت کەشێکی لە بار بۆ قوتابی برەخسێنرێت".

## ٥. تا چەند مامۆستایان راهێنراون بۆ وتنەوەی بابەتی زانستەکان؟

سەبارەت بە کردنەوەی خول و راهێنانی مامۆستایان لەسەر مەنهەجی نوێ و بە تایبەت کتێبی زانستەکان، مامۆستایان رونیدەکەنەوە بەشێکیان خولیان نەبینوە و بەشکەی دیکەشیان بە هۆی کەمی کاتی ئەو خولانەی کراونەتەوە سودی ئەوتۆی پێنەگەیاندون.

بە هەمان شێوە، هەندێک لە مامۆستایان چەندین خولی شیاندنیان بینیوە، بەڵام سودێکی ئەوتۆی نەبوە بۆیان بەهۆی ئەوەی ئەو خولانە بۆ پسپۆری خۆیان نەبوە.

هیوا فایەق محەمەد، پسپۆر لە کشتوکاڵ و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (سروشت)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بۆ ماوەی (١١) ساڵە مامۆستام (٥) خولی شیاندنم بینیوە، بەڵام کاریگەری کەمە لەسەر مامۆستا، چونکە پسپۆری ئەو بابەتانە نین کە تێکەڵکراون و کراون بە کتێبێک، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئێمە و قوتابیانیش".

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە دەبوایە بە بەردەوامی خولی شیاندن هەبوایە بۆ مامۆستایان، چونکە بابەتی زانستەکان لەم قۆناغانە قورسە.

سەرتیپ عەبدولقادر سۆفی، پسپۆری زیندەوەرزانی و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (زانیاری)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز، سەبارەت بە کردنەوەی خولی راهێنان دەڵێت: "بە تێکەڵکردنی ئەو بابەتانە لە پسپۆرییەکەی خۆم کێشەم نیە، بەڵام بۆ ئەوەکانی تر گرفتمان بۆ دروست دەبێت پێویستە بە بەردەوامی خول بکرێتەوە، چونکە زانستەکان قورسە، من خۆم لە پۆلی (٤ بۆ ٩) وانەم وتوەتەوە و قورسە".

سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەی چەن ساڵە ئەم مەنهەجە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە بەشێک لە مامۆستایان هیچ خولێکی شیاندنیان نەبینیوە.

دیار محەمەد، لە قوتابخانەی (قازی محەمەد) لە قەزای کفری یەکێکە لەو مامۆستایانەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە وانەی زانستەکان دەڵێتەوە و سەبارەت بە کردنەوەی خول دەڵێت: "من هیچ خولێکی شیاندنم نەبینیوە".

هەندێک لە مامۆستایان بە تەنزەوە دەڕواننە ئەوەی کە تاچەند خول بۆ مامۆستایان کراوەتەوە لە ناوەندەکان..

محەمەد کەمال، مامۆستا لە قوتابخانەی (سەرقەڵا)ی بنەڕەتی لە ناحییەی سەرقەڵا، وتی: "بۆ لەم وڵاتەی ئێمە کەرتی پەروەردە ئەوەندە پێشکەوتوە تا حکومەت هەوڵ بدات خولی شیاندن بکاتەوە بۆ مامۆستاکانی و ئاستی زانیارییان زیاتر بکات؟".

## ٦. تا چەند پێداویستیەکانی وتنەوەی وانەی زانستەکان ئامادەکراوە؟

وتنەوەی هەر بابەتێک بە شێوازێکی سەرکەوتو پێویستی بە پێداویستی و ئامادەکاری هەیە، بەڵام لەگەڵ گۆرینی مەنهەجی زانستەکان گرفتی زۆری هاتوتەوە پێش هەر لە نەکردنەوەی خول و نەبونی تاقیگە و زۆری ژمارەی قوتابی لە هۆڵەکانی خوێندن دیارترینی ئەو گرفتانەن.

سەبارەت بەوەی تا چەند پێداویستی زانستی دابین کراوە بۆ بابەتە زانستیەکان، نەجم عەبدوڵڵا، پسپۆری کیمیا لە قەتابخانەی (نەوەی نوێ) لە قەزای کەلار ، باسی لەوەکرد: ئەگەر ئەم مەنهەجە

هەقی خۆی بدرێت لە روی تاقیگە و بینا و کەمی ژمارەی قوتابی و لە روی کاتەوە مەنهەجێکی خراپ نیە و لایەنی زاستی زۆر بەسودە، بەڵام پێداویستی نیە لە ناوەندەکان.

"هیچ پلانێکیان نەبوە لە روی زانستیەوە بۆ ئەم بابەتە" بەم وتەیە (هیوا فایەق محەمەد)، پسپۆر لە کشتوکاڵ و مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (سروشت)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاریی، گوزارشتی لە حاڵەکە کرد.

دەڵێت: "ئێمە لەسەر مەنهەجە کۆنەکە راهاتبوبن ئێستا ئەم مەنهەجە سویدیەیان هێناوە زۆر لە وەی پێشتر جیاوازە، تەنانەت ئەم کتێبەی کەوا گۆڕاوە بابەتی وای تیایە ئەبێت هەر بە پراکتیکی بخوێندرێت، ئێمە تاقیگەمان نیە ناچار بە تیۆری ئەیخوێنین، سەرەڕای چەندین هەڵەی وەرگێڕان کە وەزارەت هیچ هەوڵی چاککردنی نادات، لەگەڵ ئەوەش ئەم مەنهەجە بابەتی وای تیایە بۆ زانکۆ باشە کە کاتی زۆرە و بە محازەرە ئەخوێندرێت".

سەرباری تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان لە کتێبێکدا، نەبونی تاقیگە لە ناوەندەکانی خوێندن گرفتێکی ترە و مامۆستایان ناچار بۆ تێگەیاندنی بابەتەکان پشت بە ڤیدیۆی ئەنتەرنێتی دەبەستن.

سەرتیپ عەبدولقادر، پسپۆری زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی (زانیاری)ی بنەڕەتی لە ناحییەی پێباز، سەبارەت بە نەبونی تاقیگەو پێداویستی زانستی وتی: "تاقیگە و پێداویستیەکان لە ناوەندەکان نیە ئەمەش گرفتێکە و ئەم بابەتانەش زۆر پێویستی بە تاقیگە هەیە، سێرچ ئەکەم لە ئەنتەرنێت پشت بەوە دەبەستم بۆ زۆرێک لە بابەتەکان، تەنانەت یەک وانەی تەواو دەرسم شەرح کردوە بۆ قوتابی تێنەگەشتوە ناچار لە رێگەی ڤیدۆیەکەوە تێم گەیاندون، ئەگەر تاقیگە هەبێت جیاوازترە.هەروەها جیلۆجیش گرفتێکی ترە کە دانراوە، کە کراوە باشترە هەڵبوەشێنرێتەوە، بۆیە کۆی گشتی گرفتەکان نەبونی تاقیگە و کات و دابین نەکردنی مامۆستای تایبەت بە پسپۆرییەکان.

بەهەمان شێوە، دیار محەمەد، پسپۆری کیمیا لە قوتابخانەی (قازی محەمەد)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، سەبارەت بە دابینکردنی پێویستی بابەتە زانستەکان دەڵێت: "چی لە کتێبەکە هەبێت هەر بە تیۆری باسی دەکەین، چونکە پێداویستی تاقیگەمان نیە بۆ ئەوەی قوتابی تێبگەیەنین ناچار پەنا

دەبەینە بەر سەرچاوە یان بگەڕێین و زانیاری کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی هەقی قوتابی بدەین، هەرچەندە ئەمەش سودی زۆری نابێت بۆ قوتابی"

## ٠٧ رای شارەزایانی پەروەردە

سەبارەت بە کاریگەری تێکەڵ کردنی بابەتی زانستەکان لە ناوەندەکانی خوێندن، مامۆستایەک کۆمەڵێک گرفت دەخاتە رو، و دەڵێت ئەم تێکەڵ و پێکەڵییە کاریگەری خراپ بە جێدەهێڵێت و مامۆستا ناتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکە بە دیبهێنێت.

بەڕێز عەباس عەلی، مامۆستا، کە لەبواری پەروەردەدا زۆر نوسین و بەدواداچونی هەیە، سەبارەت بە کاریگەرییە خراپەکانی کتێبی زانستەکان وتی: "مامۆستا توانای ئەوەی نییە سێ بابەت بۆ چوار بابەتی جیاواز وەک یەک بڵێتەوە، مامۆستا لە زانکۆ بە هەزارحاڵ پسپۆڕییەکەی خۆی ئەگەر بەتەواوی بخوێنێت، جا ئیتر چۆن دەتوانێت لە پسپۆڕی تر شارەزابێت؟!".

وتیشی: دەبێت ئەوە بزانین هەر زانست و وانەیەک رێگای وانەوتنەوەی خۆی هەیە مامۆستاش لەو سێ بۆ چوار وانەیە شارەزایی تەنها لە یەکێکیاندا هەیە، ئەمەش وادەکات شێوازی وانەوتنەوەی ئەو زانست و وانەی شارەزایە و پسپۆڕە تێیدا بەسەر ئەوانیتریشدا جێبەجێ بکات بەمەش کێشەو گرفت دروست دەکات و هەر وانەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە.

وتیشی: خاڵێکی تر ئەوەیە مامۆستای وا هەیە پسپۆڕیەکەی کیمیایە و رەنگە ئارەزو و حەزی نەبێت لە فیزیا یان بایلۆجی یاخود جیلۆجی، چونکە دورە لە پسپۆڕێکەی ئیتر چۆن دەتوانێت "بە سەرکەوتوی وانە بڵێتەوە؟"، ئەمەش کاریگەری دەرونی خراپیش بەسەر مامۆستاوە بەجێ دەهێڵێت و

بەشێوەیەکی پەروەردەیی وانەکە نالێتەوە و تەنانەت رەنگە زۆر جار وابکات بەریک کەوتنیش لەگەڵ فێرخوازدا دروست بکات و ببێتە هۆی دروستبونی کێشە."

بەڕێز عەباس باسلەوەدەکات هەمو ئەمانە کاریگەری نەرێنی بەسەر خودی فێرخوازەوە بەجێ دەهێڵن و وای لێدەکات وەک پێویست و بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی نەتوانێت بابەتەکان وەربگرێت، لەگەڵ ئەوەش لە تاقیکردنەوەکان یەک پرسیار دادەنرێت ئەمەش ئەستەم دەبێت بۆ قوتابیان سەری لێدەشێوێت و تەرکیزی نامێنێت لەسەر پرسیارەکان.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەوەشی ئەم بابەتانەی تێکەڵ کردوە و دایناوە لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک دۆخی دەرونی و هزری ئەو تەمەنەی فێرخوازی نەخوێندۆتەوە و هەڵی نەسەنگاندوە کە چەن ئەستەم دەبێت بۆیان.

## ٨. بەڕێوبەری قوتابخانەکان چیی دەڵێن؟

سەبارەت بە تێکەڵ کردنی بابەتەکانی (کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی و جیلۆجی) لە بەرگی کتێبێکدا بەناوی زانستەکان، بەڕێوبەران و مامۆستایان و قوتابیان باس لە گرفت و کاریگەرییەکانی بۆ سەر قوتابیان و مامۆستایان دەکەن، کۆمەڵێک گرفت رون دەکەنەوە.

کەریم عەزیز قارەمان، بەڕێوبەری قوتابخانەی (باوەشاسوار)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "ئێمە یەک مامۆستامان هەیە بابەتی زانستەکان ئەڵێتەوە ئەویش کۆلێژی کشتوکاڵی تەواو کردوە و بە مامۆستا دامەزراوە، پسپۆرییەکەی لەو سێ بابەتەوە کە کراوە بە زانستەکان لە کتێبێک کۆکراوەتەوە دورە، لە کاتێکدا هەر بابەتەو پسپۆری خۆی هەیە و هەر مامۆستایەکیش لەپسپۆری خۆی دەتوانێت هەق بدات بە بابەتەکە بەڵام ئەوەکانی تر وەک پێویست نابێت".

وتیشی: ئێمە چەندینجار داوامان کردوە کە مامۆستای پسپۆڕ دابین بکەن، بەڵام هەر دەیان وت یەک مامۆستا بەسە، هەروەها خوێندنی بابەتەکەش دابەشکراوە بەسەر دو کۆرسەکەدا مامۆستاش خۆی دابەشی دەکات کە چۆن دەیخوێنێت.

هاوشێوەی قوتابخانەی باوەشاسوار لە کفری ، قوتابخانەی (بڵند)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری هەمان گرفتی هەیە و مامۆستای بابەتی زانستەکانی دەرچوی بەشی کشتوکاڵە.

مەریوان محەمەد سەعید، بەڕێوبەری قوتابخانەکە، دەڵێت: "ئەو مامۆستایەی کە هەمانە کۆلێژی کشتوکاڵی تەواو کردوە، لەم بابەتە مامۆستاکان خۆیان گرفتیان بۆ دروست بوە چ جا بگات بە قوتابی کە هەموی تێکەڵ کراوە ئەم بابەتانە".

وتیشی: بۆ تاقیکردنەوەکانیش بە پێی رێنمای پەروەردە دابەشکراوە کە تا پەڕەی چەند بخوێندرێت، لە تاقیکردنەوەش پرسیارەکان هەر بە تێکەڵی دادەنرێت ئەمەش زۆر قورسە بۆ قوتابی تاقیکردنەوە لە چەند بابەتێکدا بکات لە یەک کاتدا.

یەکێک لەو گرفتانەی بەهۆی گۆرینی بابەتە زانستیەکان بە کتێبێک ئەوەبوە کە پرسیارەکان بە تێکەڵی دانراوە و ئەمەش سەر لێشێوانێک بۆ قوتابی دروستکردوە کە رێژەی دەرچوان کەم ببێتەوە.

بابەتی زانستەکان لە هەفتەیەک پێنچ بەشە وانەی هەیە و کتێبەکە دابەش نەکراوە کە چۆن بخوێندرێت و مامۆستا خۆی دابەشی دەکات کە چۆن دەیخوێنێت، لەگەڵ ئەوەش چۆن لە کتێبەکە تێکەڵە لە تاقیکردنەوەکانیش پرسیار هەر بە تێکەڵی دادەنرێت.

خوداداد کەریم، بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ئالآ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: یەک مامۆستا وانەکە ئەڵێتەوە بە ناچاری، چونکە دو بابەتی پسپۆری خۆی نیە، لەگەڵ ئەوەش هیچ پێداویستیەکی تاقیگەیمان نیە تا کار ئاسانی بۆ قوتابی بکرێت و ئەو بابەتەی تێناگات بە پراکتیکی بیخوێنێت.

**هەندێک لە ناوەندەکان بۆ ئەوەی کاریگەری زۆر بەسەر قونابی جێنەهێڵێ بە گۆڕینی بابەتە زانستیەکان بە کتێبێک بەردەوامبون لەسەر خوێندنی شێوازی پێشوتر کە هەر بابەتە و پسپۆری خۆی دەبو، بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە بەردەوامبن.**

**گەیلان محەمەد عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانست)ی بنەڕەتی لە کەلار، باس لەوەدەکات لەسەر ئەو سیستمە رۆشتین کە لە رابردو دەمانخوێند، بۆ هەر بەشەو یەکێک لە مامۆستاکانی پسپۆری بابەتەکە وانەکەی وتەوە بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر بەو شێوەیە بەردەوامبوین، دواتر وتیان نابێت بەو شێوەیە بیخوێنن دەبێت وەک بابەتەکانی تر یەک مامۆستا بیڵێتەوە.**

**وتیشی: ئەمە گرفتی بۆ قوتابی دروست کردوە، چونکە هەر مامۆستایەک دەتوانێت لە بابەتەکەی خۆی هەق بدات، بەڵام لەوەکانی تر ئەو هەقە نادات، لەبەر ئەوەی پسپۆری خۆی نیە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە سەبارەت بەم بابەتە راپۆرتی سالانەی خۆمانمان هەیە سەبارەت بەو بابەتانەی کە دەگۆڕێت، بەڵام هیچ نەکراوە تەنها شتی بچوک نەبێت.**

**هەندێک لە بەرێوبەران بەشداری کۆنفرانسی پەروەردەییان کردوە سەبارەت بە کاریگەری تێکەڵ بابەتە زانستیەکان بۆ سەر قوتابی چەن قورس دەبێت کە ئەم بابەتانە تێکەڵ بکرێت، بەڵام بێسود بوە.**

**کاوە یاوەر رەحیم، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئیمام محەمەد)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، جەختلەوە دەکاتەوە ئەو بابەتانەی کە کراون بە کتێبێک لە ئەرکی سەرشانی قوتابی قورس کردوە: "سێ بابەتی زانستی و جیلۆجیشی لە تەنیشتیەوە و یەک مامۆستاش وانەکە ئەڵێتەوە، ئەمە قورسە چ بۆ قوتابی چ بۆ مامۆستا، لە کۆنفرانسی پەروەردەی بەشدار بوم و باسمکردوە کە چەند قورسە پێکەوەبونی ئەم بابەتانە، سەرەڕای ئەوەش کە هەق بە بابەتەکان نادرێت بە دەر لەو بابەتەی کە مامۆستاکە خۆی تێیدا پسپۆرە".**

**وتیشی: ئەم مەنهەجە لە سالانی پێشوتر لە خواروی عێراق وابو، بەڵام هەڵوەشایەوە و بابەتەکان جیا کرانەوە، بەڵام لەلای خۆمان ماوەتەوە و قورسە، بۆیە پێویستە مەنهەجەکە وەک جارانی لێبێتەوە و هەر بابەتەو پسپۆری خۆی هەبێت نەک چوار بابەت و یەک مامۆستا.**

دەشڵێت: خول کراوەتەوە، بەڵام ئەوەنە گرنگی بە لایەنی دەرونی و شێوازی وتنەوەی وانەکە دراوە، گرنگی بە لایەنی زانستی بابەتەکان نەدراوە، هیچ مامۆستایەکیش ناتوانێت لە خولێکی (١٠) رۆژەدا فێری وانەی فیزیا ببێت کە چۆن بیڵێتەوە.

لە هەندێک ناوەند بە تایبەت خوێندنی ئێواران، بارگرانی زیاترییان بۆ دروست بوە بەهۆی ئەوەی کە قوتابیان دەچنە لای ئەوان کاتی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی تێبگەیەنرێت بەتایبەت لە بابەتە زانستەکان.

دەوران هادی فەرەج، بەڕێوبەری قوتابخانەی (چراخان)ی بنەڕەتی ئێواران لە قەزای کفری، وتی: "ئێمە مامۆستاکەمان خۆی هەر پسپۆری بابەتە زانستەکان و دەرچوی کۆلێژی دیالەیە، دەوامی ئێمەش کە ئێوارانە ئەرکمان زۆر قورسە ئەمە یەکێکە لە گرفتەکان، چونکە ئەو تەلەبانەی کە زۆر دەمێننەوە دێنە لای ئێمە و تاقەتی خوێندنیان نەماوە".

وتیشی: چوار بابەتی زانستی لە یەک کتێب کۆکراوەتەوە ئەمەش خراپتری کردوەن بەهۆی ئەوەی یەک مامۆستا چوار بابەت ئەڵێتەوە، بۆیە باشترە هەر بابەتە و پسپۆری خۆی هەبێت بۆ ئەوەی رێژەی دەرچوان باش ببێت".

پێچەوانەی بەشێک لە بۆچونەکان کە کتێبی زانستەکان بە هۆکاری کەمی ژمارەی قوتابیە دەرچوەکان دەزانن، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هۆمەربل)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا بەشێک لە هۆکارەکەی خراپی دەوام دەگەڕێنێتەوە.

رێباز قادر ئەحمەد، ئاماژە بەوەدەکات ئەم چەند ساڵەی کۆتایی کە دەوام خراپ بو لە ناوەندەکانی خوێندن ناتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکەین کە رێژەی دەرچوان لە بابەتە زانستەکان تەنهای کاریگەری کردنی ئەو چەند بابەتە زانستەیە کە کراوە بە کتێبێک.

وتیشی: راستە کردنی ئەو بابەتانە بە کتێبک گرفتی بۆ قوتابی دروستکردوە یەکێک لەوانە کە پرسیاری تاقیکردنەوەکانە کە بە تێکەڵی دێتەوە، ئەمساڵ ئێمە لە کۆی (١٣) قوتابی (٧)ی گەڕاوەتەوە بۆ دەوری دوەم ئەمە بەس لە قۆناغی (٩).

سەربارى هەمو ئەو گرفتانەى کە لە ناوەندەکان هەیە سەبارەت بە بابەتى زانستەکان لە بەشێک لە ناوەندەکان ڕێژەى دەرچوان لە ئاستێکى باشدا بوە.

محەمەد کەریم عەلى، بەڕێوبەرى قوتابخانەى (هۆشیار)ى بنەڕەتى لە ناحیەى رزگارى، دەڵێت: "سەربارى ئەوەى کە بابەتە زانستیەکان تێکەڵ کراوە بە کتێبیک و یەک مامۆستاى پسپۆر وانەکە ئەڵێتەوە رێژەى دەرچوان لە ٨٥% دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ماندوبونى مامۆستاکە کە چەن هەوڵى داوە، لەگەڵ ئەوەش ئەم مەنهەجە خراپە، چ مامۆستایان چ قوتابیان گرفتى بۆ دروست کردون باشترە هەڵبوەشێنرێتەوە بە مەنهەجەکەى جاران کە هەر بابەتە و کتێبێک بو".

بەهەمان شێوە، عەتا ئەحمەد، بەرێوبەرى قوتابخانەى (سەیدە)ى بنەڕەتى لە ناحیەى سەرقەڵا، دەڵێت: "سەربارى ئەو بارگرانیەى کە لەسەر قوتابى هەبوە بەهۆى تێکەڵ کردنى بابەتەکانى (کیمیا، فیزیا و زیندەوەرزانى) رێژەى دەرچوان لەلاى ئێمە زۆر باش بوە بەتایبەت قۆناغى نۆ کە هیچ قوتابیەک نەکەوتوە خولى دوەم".

سەبارەت بە خراپى سیستەمى پەروەردە، عەتا ئەحمەد باسیلەوەشکرد: ئەم سیستەمە سویدیەى کە هێنراوە کوردستان پێویستى بە زەمینەیەکى باش هەیە، بەڵام بۆى نەرەخساوە، کەرتى پەروەردە لە وڵاتان پێش ئەکەوێ ئێمە بۆ دواوە دەگەڕێینەوە دەوامەان کراوە بە سێ دەوامى، هەروەها بابەتى جیلۆجى لە زانکۆ دەخوێندرێت وا تێکەڵ بە بابەتە زانستیەکان کراوە مامۆستایانیش وەک پێویست لە کاتى خۆى لە زانکۆ نەیان خوێندوە، بۆیە سلکى پەروەردە هەر بە رێکردنە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە تاقیگە و پێداویستیمان نیە، بەڵام مامۆستاکە خۆى هەندێک شتى دروستکردوە و هێناوییەتى و لەسەرى ئەخوێنن هەندێکجار.

هەندێک لە بەڕێوبەران پێیانوایە ئەگەر مامۆستایان بەگشتى پێشنیار بکەن لەسەر گۆرینى هەندێک پرۆگرام و بابەت رەنگە بتوانرێت سودێک بە کەرتى پەروەردە بگەیەنرێت.

دانا عوسمان محێدین، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیاری)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "پێشنیار دەکەین بە تەنها بێت یان نا، لە زۆربەی شوێنەکان گوێمان لێناگیرێت، بەڵام ئەگەر بە گشتی بێت رەنگە جیاوازتربێت".

وتیشی: تێکەڵ کردنی ئەو بابەتە زانستیانە هێندە کاریگەری سلبی هەیە لەسەر مامۆستا و قوتابی ئەوەنە ئیجابی نیە، بەتایبەت لە نمرەی قوتابیان بەدەر ئەکەوێ.

## ٩. بەرپرسانی پەروەردە لەبارەی گرفتەکانی کتێبی زانستەکانەوە چی دەڵێن؟

سەبارەت بە تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان لە بەرگی کتێبکدا، بەڕێوبەرانی پەروەردە و سەرپەرشتیاران هاوران لە سەر ئەو گرفتانەی کە بە هۆی تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکانەوە هاتەوەتە ئاراوە.

عەدالەت لەتیف عوبەید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان دەڵێت: "ئەم بابەتە زانستیانە بابەتی گرنگ و بناغەن بۆ دوا قۆناغ و زانکۆش، تێکەڵکردنیان لە کتێبیکدا کاریگەری خۆی هەیە، لە هەمان کاتیشدا یەک مامۆستا دێنیت و یەک پسپۆری هەیە وانەکە ئەڵێتەوە هی هەر سێ بابەتەکە ئەمە قورسە بۆ مامۆستا و بۆ قوتابیش، هەروەها دانانی پرسیار بە تێکەڵی ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە، کتێبەکەش بەند بەندە ئەوەشی لە کۆنفرانسی پەروەردەیی بڕیاری لەسەر دراوە ئێمە پابەندین پێوەی".

وتیشی: من ناتوانم بڵێم ئەم مەنهەجە خراپە، بەڵام لایەنی باشی و خراپی خۆی هەیە، ئەوان توانای ئاستی زیرەکیان کردوە بە پێوەر کە قوتابی هەشت و نۆیە و وانەی دەو یانزەی پێدەدەیت، حەتمەن ئەمەش لە خۆیەوە نەکراوە، بەڵکو کەسی پسپۆر و شارەزای پەروەردە و سەرپەرشتیاران کراوە ناتوانم بڵێم ئەمە هەڵەیە، لایەنەکەی تریشی هەیە ئەوەیە کە ئەم بابەتانەیان کورت کردوەتەوە بۆ ئەوەی تەلەبە هەموی کەڵەکە نەبێت لە مێشکیاندا کە هەر بابەتە و بەجیا بێت و زۆرە، لەگەڵ ئەوەش

ئەمە چەند کاریگەری لەسەر قوتابی هەیە ئەوەندەش لەسەر مامۆستاکە هەیە، چونکە پسپۆری یەک بابەتە.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئێمە شوێنمان هەیە بۆ تاقیگە، بەڵام پێداویستی گرفتی هەیە و بودجەی پێویست لە بەردەست نیە تاوەکو بتوانرێت گرفتەکانی چارەسەر بکەین، هەروەها گرفتی کارەباشمان هەیە لە ناوەندەکان.

سەبارەت بە کردنەوەی خولی شیاندن بۆ مامۆستایان تایبەت بە بابەتە زانستەکان، عەدالەت لەتیف، وتیشی: ئەگەر ئێمە بمانەوێت قوتابیەکی بە توانا و کارا دروست بکەین، ئەوە پێویستە مامۆستایەکی باشیش ئامادە بکەین، بەردەوام پێویستمان بە خول هەیە بۆ تەواوی بابەتەکان بە تایبەت زانستەکان، ئەم مەنهەجەش کە دانرا لە کۆنفرانسی پەروەردەیی ئەوە پێویستی دەکرد ساڵانە بەردەوام خول هەبوایە، بەڵام لەوەتەی من هاتوم بەهۆی دۆخەکەوە یەک خول کراوەتەوە بۆ مامۆستایان، بۆ ساڵانی پێشوتریش ئەوەیان نازانم.

سەبارەت بە تێکەڵکردنی بابەتی زانستیەکان لە بەرگی کتێبێکدا بەناوی زانستەکان سەرپەرشتیارانی پەروەردەی بنەڕەتی هاوڕا نین لە بونی ئەم مەنهەجە، چونکە کۆمەڵێک گرفت و کەموکورتی لە خۆ گرتوە.

ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، سەبارەت بە کاریگەری تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "تێکەڵکردنی ئەم بابەت زانستیانە دو روی هەیە: باش و خراپ، لایەنە باشەکەی ئەوەیە ئەگەر پێداویستیەکانی و مامۆستای پسپۆر و خولی باشیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی راهێنانیان پێبکرێت ئەوە سودێکی باشی هەیە، لایەنە خراپەکەشی ئەوەیە پرۆگرامەکە بە پەرت و بڵاوی دانراوە، خەڵکی ناشارەزا لە بوارەکە دانراوە بۆ وانە وتنەوە، بەشە وانەکان کەمە لە هەفتەیەکدا و بابەتەکە زۆرە، بابەتەکانیش بە تێکەڵی دانراون ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەش بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرپەرشتیار و کەسی پسپۆر لە بوارەکە ئەم بابەتەنە دانراون، بۆیە پێویست دەبو گرنگی بەوە درابا کە مەنهەجێک دەگۆڕدرێت ساڵ بە ساڵ بە دوای برۆی لە ریگەی سەرپەرشتیارەکانەوە بۆ ئەوەی لە دەر ئەنجامەکەی بزانێت.

بەرای بەڕێوەبەری پەروەردەی کفری، ئەم پرۆگرامەی کە هەیە بە شێوازێکی زانستی ئامادە نەکراوە تاوەکو بتوانیت شتە زانستیەکان بە قوتابی بگەیەنێت، ئەمەش نەک لەسەر خودی مامۆستا بەڵکو قوتابیش لێی زەرەر مەندە.

وتی: بۆ قوتابیش سێ فاکتەری هەیە، یەکەم خودی قوتابی خۆی تا چەند توانای دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئاستی زانستی بەرز بکاتەوە. دوەم دەستەی مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانەکانە لەگەڵ پرۆگرامەکە. سێیەمیش خێزانە. بۆیە ئەگەر یەکەم و سێیەم خراپ بو ئەوا دوەمیش خراپ دەبێت، بۆیە تێکەڵکردنی بابەتەکە بۆ خۆی کێشەیە کەچی پسپۆری یەک بابەتی بۆ دانراوە.

باسیلەوەشکرد: بەهۆی دۆخی دارایی ناوەندەکان بە دۆخێکی خراپ تێدەپەڕێت و پەروەردە و سەرپەرشتیارانیش بە کەمی ئاگایان لە دۆخی ناوەندەکانە.

سەرپەرشتیارانی بواری پەروەردەیی هاوڕای مامۆستایانی بابەتی زانستیەکانن لە بونی هەر گرفت و کەموکورتیەک لە بابەتەکە بەتایبەت لە روی هەڵەی وەرگێڕانەوە.

مەجید حەمید ساڵەح، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەڕەتی بابەتی زانستەکان لە سنوری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە کاریگەری تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان دەڵێت: "تێکەڵکردنی ئەم بابەتانە لە بەرگی کتێبیکدا کاریگەری خۆی هەیە، ئەیش ئەوەیە کە یەک مامۆستا ئەم وانەیە ئەڵێتەوە کە چەند بابەت لە پسپۆری خۆی جیاوازترە".

دەشڵێت: هەندێک لە بابەتەکان نزیکن لەیەک و بە تێکەڵی کراوە، لەگەڵ ئەوەش بابەتی جیلۆجی هەیە کە ئەمەش مامۆستای پسپۆر بە خۆی نیە و بابەتێکی تا بلێی وشکە.

وتیشی: یەکێکی تر لە گرفتەکان وەرگێڕانی کتێبەکەیە کە چەندین هەڵەی دیاری تیایە، چ لە ڕوی زمانەوانیەوە چ لە ڕێکخستنەوە چ لە ڕوی زاراوەکانەوە، ئێمە هەمو ساڵ بۆ هەر گرفتێک مامۆستایان ڕاپۆرتمان دەدەنێ و خۆشمان ڕاپۆرت بەرز دەکەینەوە بۆ سەرەوە کە ئەم گرفتانە هەیە و چاک بکرێت، تەنانەت لە کۆبونەوەی وەزارەت ئەمەشمان باسکردوە، بەڵام بەهۆی دۆخەکەوە هەمو شت وەستاوە، تەنانەت کۆمەڵێک بابەتمان دەستنیشان کردوە کە لابدرێت بە تایبەت جیلۆجیەکە، بەڵام وا چاپ نەکراوە ئەو کتێبە و لەسەر کتێبەکە کۆنەکە دەخوێنین.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە ئێستادا بۆ ناوەندەکانی خوێندنی سنوری پەروەردەی کەلار پێویستمان بە (٨٢) مامۆستای پسپۆر هەیە لە بابەتی زانستەکان ئەو کات ناوەندەکان بێ گرفت دەبن لە نەبونی مامۆستای میلاک، هەروەها کردنەوەی خولیش بۆ ئەو مامۆستایانەی کە هەن گرنگە، بەڵام نەک خولێکی یەک هەفتەیی، چونکە سودی ئەوتۆی نابێت بۆ مەنهەجێکی وا گەورە و ورد.

سەبارەت بەوەی تا چەند پرس بە سەرپەرشتیاران کراوە لە گۆڕینی ئەم مەنهەجەی کە ئێستا لە ناوەندەکان دەخوێندرێت، مەجید حەمید، باسیلەوەشکرد: بەدەر لەوەی کە ئەرکمان ڕێنمای کردنی مامۆستایانە لەگەڵ هەڵسەنگاندنیان و بە دەمەوەچونیان لە بونی هەرگرفتێک، بەڵام سەبارەت بە گۆڕینی ئەم مەنهەجە نە ئێستا و نە ساڵانی پێش منیش کە مامۆستا بوم پرس بە سەرپەرشتیار نەکراوە، تەنانەت زۆر مامۆستا و سەرپەرشتیار نەک لە کەلار لە شوێنەکانی دیکەش داوای کردوە کە ئەم مەنهەجە هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە بڕیاری لێدراوە لە لایەن وەزارەتەوە بوە، تەنانەت چەندین ڕاپۆرت بەرز دەکەینەوە بۆ سەرەوە لە گرفت و کەموکورتیەکان هیچ وەڵام نادرێینەوە و بێ ئەنجامە.

سەبارەت بە دانانی دەرچوی کولێژی کشتوکاڵ وەک مامۆستا لە ناوەندەکان، ئەو سەرپەرشتیارە وتیشی: بەهۆی کەمی مامۆستای پسپۆر لە بابەتی زانستەکان ئەو کات ئەمان بە مامۆستا دامەزراون، لەگەڵ ئەوەش چەند پسپۆریان دورە لەیەک، بەڵام بە توانان لە زۆر مامۆستای دیکە کە وانەی زانستەکان ئەڵێنەوە، لەبەر ئەوەی بەردەوام هەوڵیان داوە، تەنها یەک گرفتیان هەبوە ئەویش شێوازی مامەڵەکردنیان بوە لەگەڵ قوتابی بە پێی کات لەگەڵ ئەوەش ڕاهاتون.

"تێکەڵکردنی ئەو بابەتانە لە کتێبیکدا بۆ قوتابی قورسە چ لە روی زانستی چ لە روی دەرونی" ئەمە وتەی بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیانە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە کاریگەری تێکەڵکردنی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکان دەڵێت: "تێکەڵکردنی پرۆگرامی زانستەکان لە یەک کتێبدا، ئەمە لە وڵاتانی بیانی وەرگیراوە رەنگە ئەمە لەلای ئەوان سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، چونکە مامۆستای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام لەلای خۆمان ئەمە وانیە مامۆستایاک کە دەرچوی زانکۆیە پسپۆرییەکەی دیاریکراوە، ناتوانێت ئەم بابەتانە بە تێکەڵی بڵێتەوە، ئەمەش بۆ مامۆستایان قورسە و یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمە، تەنانەت ساڵانە چ لە وانە وتنەوە چ لە رێژەی دەرچونی قوتابی گرفتی بەردەوامی ئێمەیە".

وتیشی: ئێمە هەمیشە لە کۆبونەوەکانمان لەگەڵ وەزارەت باسی ئەمانەمان کردوە و بە راپۆرت بەرزمانکردوەتەوە و داوای چارەسەرمان کردوە چ بە را چ بە پێشنیار، چونکە بە رای ئێمە تا زیاتر بەردەوام بێت کیشەکە خراپتر دەبێت زەرەرمەندی زیاتری دەبێت کە قوتابیانە.

ئاماژەی بەوەشکرد: بۆ گۆڕینی ئەم مەنهەجە هۆکاری زۆر هەیە چ لە ماوەی گۆڕینی مەنهەجەکە کە تازەیە و لە روی داراییەوە کە بودجەی پێویستی دەوێت بۆ ئەوەی چاپ بکرێت، چونکە لە دەرەوەی وڵات ئەمە دەکرێت، بۆیە لە ئێستا قورسە کە چەند هەڵەی وەرگێڕان هەیە لە کتێبەکەدا..

سەبارەت بە کاریگەری لەسەر قوتابیان دارا ئەحمەد وتیشی: تێکەڵکردنی ئەو بابەتانە لە کتێبیکدا بۆ قوتابی قورسە چ لە روی زانستی چ لە روی دەرونی، چونکە هەر مامۆستایە و شێوازی خۆی هەیە بۆ وتنەوەی وانەکەی، بۆیە پەیوەندییەکی نایبەت لە نێوان خۆی و پرۆگرامەکە و قوتابیەکەش دروست دەکات، ئەمەش کاریگەری خراپە هەیە لەسەر قوتابی و تێکەڵییەک لە مێشکی دروست ئەکات، بۆیە باشترە هەر بابەتە و پسپۆری خۆی هەبێت و وەک جارانی لێبیتەوە، سەرباری چەندین گرفتی تر یەک لەوانە نەبونی خولی شیاندن بۆ مامۆستایان و نەبونی تاقیگە و پێداویستیەکانی.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

١. کردنەوەی خولی شیاندن بۆ مامۆستایان بە بەردەوامی یەکێکە لە خاڵە سەرەتاییەکان، چونکە ئەو مامۆستایانەی وانەی زانستەکان دەڵێنەوە پسپۆرییان لە یەک بابەتدا هەیە و سێ بابەتی دیکەیان بۆ زیادکراوە ئەمەش پێویستی بە پێدانی زانیاری و رێنماییە بۆ ئەوەی بتوانرێت بابەتەکان بە باشی بە قوتابیان بگەیەندرێت.

٢. وتنەوەی بابەتەکان لە لایەن پسپۆرییەکانی خۆیانەوە سودی باشتر دەبێت ئەمەش بە پێی وتەی قوتابی و مامۆستا و بەرێوبەرانی قوتابخانەکان، چونکە بەو شێوەیە مامۆستا دەتوانێت رێگەی وانە وتنەوەی گونجا و شێوازی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ وتنەوەی بابەتەکەی کە خۆی پسۆرە تێیدا.

٣. رێگەیەکی دیکە گەرانەوەیە بۆ مەنهەجی پێشو و هەڵوەشاندنەوەی پرۆگرامە نوێیەکە تاوەکو لە رێگەی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەوە دەتوانن مەنهەجی گونجاو دیاریبکەن.

٤. جگە لە گۆرینی و کۆکردنەوەی چوار بابەت لە دوتوێی کتێبێکدا کە کۆمەڵێک گرفتی دروستکردوە نەبون و دابین نەکردنی پێداویستی زانستی و تاقیگەی بۆ ناوەندەکان خاڵێکی دیکە کە هێندەی دیکە بابەتی زانستەکانی قورسکردوە لەسەر قوتابیان، چونکە بەشێکی زۆری ئەو بابەتانە پێویستە بە پراکتیکی بخوێندرێت نەک تیۆری.

٥. پیداچونەوە بە کتێبەکەدا خاڵێکی گرنگ و پێویستە، چونکە وەک زۆرێک لە مامۆستایان ئاماژەیان پێکردوە هەڵەی وەرگێران و دوبارەبونەوە بابەتەکانی زۆر تیایە.

٦. وەرنەگرتنی رای شارەزایانی بواری پەروەردە و سەرپەرشتیاران، لە کاتی ئەنجامدانی گۆرانکارییەکان پێویستی و بونی ئەوان دەخاتەوە ژێر پرسیارەوە و پێویست دەکات بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە سیستەمەی پەروەردە رای ئەوانیش وەربگیرێت.

٧. جیاکردنەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان بەشێکی قورس و گرانی کتێبی زانستەکان لەسەر شانی قوتابیان هەڵدەگرێت و هۆکارێک دەبێت بۆ زیادکردنی رێژەی دەرچوان کە ئێستا بە پێی وتەی بەشێک لە بەرێوبەر و مامۆستایان رێژەیەکی کەم لە کتێبی زانستەکان دەردەچن یان بە نمرەی کەمەوە دەردەچن.


- ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.

زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.

رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی.

**بۆپەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦– ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org